
# دیمانەی کوردستان نێت لەگەڵ هونەرمەند هەردی سەلاح ... سازدانی ڕزگار کۆچەر



هونرمەند هەردی سەلاح هونەرمەندێکی کەنج وبەتاونی بواری هونەری گۆرانی گوتنی کوردستانە ماوەیەکە سەرقالی کلیپ کردنی بەرهەمێکی تازەیە بەجاکمان زانی لە نزیکەوە بەسەری بکەینەوەو ئەم دیادارەی لەگەل ئەنجام بدەین.

کاك هەردی ئێستا خەریکی جیت؟
ئێستا لە دوا قۆناغی تەواو کردنی کلیپێکم بەناوی من و تۆ لەگەل ستافێکی گەوری کوردستان تیفی کەوا هەلساون بە کلیپ کردنی ئەم بەرهەمەم لێرە دەکرێت زۆر سوپاسی ئەو بردەرانە بکەم بەتایبەتی کاروان زمدارو کاك سامان عەندنان و شەوقی قادر و گۆران سالح و کاك هەڤال محەمەد و هەموو ئەو کەسانەی هەلساون بەکلیپ کردنی ئەم بەرهەمەم..

کاك هەردی وەك هونەمەندیکی گەنج تەجروبەیەکت هەیە لە دەرەوەی کوردستان بۆ کلیپ کردنی گۆرانیەکانت تۆ چ هلسانگاندنێك دەکەیت لە نیوان ئێرەو دەرەو پێت وایە هونەرمەندنی بواری کلیپ کردن لە کوردستان دەتوانن هەمان کارر ئەنجام بدەن کەوا لە دەرەوە ئەنجام دەدرێت؟؟



هەلبەتە کاری کلیپ کردنی گۆرانی سوێند کە یەکێکە لە گۆرانیەکانی ئەو سیدیەم لە ولاتی تورکیا جی بەجی کرا ئەوەی من بەدی دەکەم لەوی کارەکان زۆر بە کۆمەل دەکرێت واتا هەرکەسەو کارێك دەکات یەکێك تەنها کاری وێنگرتن و ئەوی تر تەنها کاری روناکی تا دوایی بەلام لێرە ئەوە نبوە سەرەرای ئەوەش کاری ئەوان پشت بەستنە بە هەندێك بنەمای زانستی و هونەری کە ئەوان بەتەواوی پشتی پێوە دەبەستن وکاری لەسەر دەکەن بەلام کە هاتمەوە کوردستان زۆر بە خۆشحالیەوە پاش مشورەت و قسەکردن لەگەل هەندێك لە بردەران وهاورێیان گەیشتمە ئەو بریارەی کە دەکرێت لێرەش هەمان کار بکەین بەلام ئەگەر کارەکانمام بەشێوەیەکی کەمەل بوو بۆیە بریارم دا بە ستافێکی گەورە کارێك لێرە ئەنجام بدەم وبلێم تواناو کارکردنی ئێمەش جی لە دەرەوە کەمتر نیە بۆیە تەسەور دەکەم تەجروبەیەکی باشە مرۆڤ بتوانێت سود لەم تەجروبانە وەرگرێت بۆ ئەوەی ئێمەش لە کوردستان کەوا هەموو ئیمکانیەتیکمان هەیە بتوانین کاری پرۆفیشنال و رێك و پێك ئەنجام بدەین.

باسی تەجروبەی دەرەوەی ولاتت کرد بەرای تۆ وەك هونەرمەندێك ئێستا کارکردن لە دەرەوەی کوردستان چاولێکەریە یان هینانەوەی تەجروبەیەکی تازەیە بۆ کوردستان تۆ پێت وا نیە کارکردن لە دەرەوە توانا و بەهرەی کادرە گەنجەکانی ئێرە کەم دەکاتەوە؟؟

بەراستی من پێم وایە ئەوەی چاودێرو ئاگاداری هونەری کوردی بێت دەبینێت ئێستا هونەری وینەگرتن و مۆناتژی کلیپەکان لە کوردستان بە شێوەیەکی ئەو تۆ بەرەو پێش نەجوە بێجگە کەمی تەجروبەو نەبونی کەلەوپەلی چاك و تد. جاران هەموو ئەو ئەوانەی باسمان کردن هۆیەك بوون بۆ ئەوەی هۆنەری کلیپ کردن لە کوردستان بەم شێوەیە نەبێت بۆیە من وکەسانی تریش لە هونەرمەندان هاتبوینە سەر ئەو رایە کەدبێت کار لە دەرەوە بکەین جونکە بینەر وگوی گر کاری جاکی لە تۆ دەوێت دەبێت ئَێمەش سود لە لەو پێشکەوتنەی دەرەوە وەرگرین تا کارەکانمان لای خەلك پەسند بێت بەلام من وەك هەردی کە سەردانی ولاتانی سوریا و تورکیام کردوە ویستومە تەجروبەی ئەوی بهێنمەوە ئێرەو بتوانم سود لەتەجروبەی ئەو ولاتانەش وەرگرم وا بکەین خۆمان تەسمیلی ئەوە واقعە تالە نەکەین کەوا لە کوردستان هەبوە بۆیە من تائیستا کاری مۆسیقام لە تورکیا نەکردوەو ناشی کەم بەلام کاری وێنەگرتن کەوا جیاوازی هەیە لە کاری مۆسیقا لای من ئاسایە بە هۆی جاکی تەجروبەی ئەو ولاتانە ئەو کارە لەوی ئەنجام بدەم جونکە وەك ئاشکرایە لە وینەگرتن ناتوانری میوزیکی تورکی بەدی بکەیت بەلام لە مۆسیقا ئەو مۆرکە بەشکرا بەدەر دەکەوێت بۆیە حەز دەکەم لێرە بە برا هونەرمەندەکانم بڵیم گەر ویستتان سەفە ر کەن هەول دەن سود لەم تەجروبەی دەرەوە وەرگرن و بهێنەوە ولاتی خۆمان تائێمەش بتەوانین لەگەل ئەو رەوتەی پێشکەوتنی جیهان بکەوین و دانەبرێن وە لای من کار کردن لە دەرەوە کەم کەردنەوە نیە لە ماهیەتی ئەو گەنجانەی لێرە کار دەکەن بە لکو دەکرێت شتێکی دلخۆش کەر بێت بۆ ئەوان.

ئسلوبی تایبەتی خۆت هەیە لە گۆرانی گوتن بە پیی ئەوەی دەرچوی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێری بەلام خەلکانیك پێیان وایە هەردی لە سەر رێجکەیەك دەروات کەوا لە ستایلەکانی هونەرمەند زەکەریا نزیکە تۆ چی دەلێت دەربارەی ئەو قسانە؟؟

هەلبەتە من زۆر گوێم لەم قسانە بوە رۆژانەش گوێم لێدەبێت من ئەو قسانە دەگەرێنمەوە بۆ باگراوندی هونەری کە بەراستی بەم باگراوندە کەمە قسە لەسەر کارێك دەکات کەوا هیجی دەربارەی نازانێت بۆیە من وای بۆ دەجم خەلکی ئێمە دەبێت شارەزا بێت ئینجا قسە بکات بەواتای لە هونەر بزانێت ئینجا بریار لەسەر کارەکان بدات. من لەسەر ستایلێك کار دەکەم کە هونەرمەندی بەتوانا زەکەریا کاری لەسەر دەکات لە رووی مۆسیقاوە زۆر شتێکی واریدە شاراوە نیە لەوانەیە هەردوکمان لەسەر یەك ستایل و مۆسیقا کاربکەین کە بەئەسل ئەو ستایلە نە ئی منە نە ئی زەکەریا نە ئی کەسی ترە ئەو ستایلە هەم عەرەبەکان و هەم تورکەکان کاری لەسەر دەکەن بۆیە بە مولکی کەس حساب ناکرێت ئەو ستایلەش پیی دەگوترێت (ئەرەبیسك) بەلام لە رووی میلۆدیەوە دەتوانم بە تەعەداوە قسە بکەم کەوا هیج میلۆدیەکەم بە ئی ئەو ناجێت لە رووی ئەو پەیامەش کەوا من دەی لێم من باس غەدرێکی عەشق دەکەم ئەو باس لە شتێکی تر دەکات بۆیە ناکرێت بلێت ئەوانەی لە دوای ئیبراهیم دین لە تورکیا جاولێکەری ئیبراهیمن و وەك ئەو گۆرانی دەلێنەوە بۆیە من دەلێم بە مروری زەمەن خەلك لەم واقیعە تی دەگات وەمن تائیستا تەقلیدی کەسم نەکردۆتەوە وە بە تەقلیدیش دەستم پی نەکردوە لەگەل ئەوەش دەلێم هونەرمەند زەکەریا تەئسیری

گەورەی لەسەر من ولەسەر زۆر لە گۆرانی بێژانی تر هەبوە وە ئەوەش هۆیەك بوە بۆ ئەوەی گۆرانیمان زیاتر خۆش بویت.

ماوەیەكی كورتە توانیتت خۆت لە گۆرەپانی گۆرانی گوتن وهونەری كوردی بە شێوەیەكی جاك ببینیەوە بەرامبەر ئەمەش خەلكانێك هێرشێك لە ركلام و قسەو قسە لۆك بەرمبەر هەردی بەكار دەهێنن تۆ وەسفت بۆ ئەو ركلام وقسەو قسەلۆكە جیە؟

بەرای من ئاساییە لە هەموو ولاتێك كەسێكی دیار یان هونەرمەندێكی دیار روبەروی ئەم جۆرە قسەو قسە لۆكان بێتەوە وە من یەكەم كەس نیم توشی ئەم پاتایە هاتوم پێش منیش خەلكانی زۆر هەمان قسەو قسە لۆكیان بۆ هەلبستراوە بۆیە من بە كارێكی ئاسایی دەزانم جونكە هەموو قسەو قسەلۆكەكان بە ماوەیەكی كورت لە ناو دەچێت بۆیە من بە كاری چاك لە داهاتوو رووبەرووی ئەم قسەو قسە لۆكانە دەبمەوە. .
كاك هەردی چەند ئاگاداری مالپەرەكانی ئەنتەرنیتی؟

پێشتر زۆر ئاگاداربووم بەلام ئیستا وەك جاران نیم زۆر سەرقالم سەفەرم زۆر بوە بەلام لە نزیكەوە ئاگاداری كوردستان نێت وچرا میوزیك بومە بەلام ئیستا وەك جاران نیم وزۆر ئاگادار نیم.
خەلكانێك دەلێن هەردی جوانیەكەی و قۆزیەكەی هۆیەك بۆ ئەوەی لای گەنجان پەسند بێت؟
تەئسیری هەیە نالێم قۆزی دەتوانم بلێم ئەوەی خەلك هەستی پێوە دەكات ئەمە نازانم جی ناو بنێم. لەوانەیە تەئسیری هەبێت بۆئەوەی خەلك زیاتر بناسم جونكە هونەرمەند كەكاری هونەری ئەنجام دەدا دەبێت خەلك بناسێت و بزانێت جۆن لەلایەن خەلكەوە پێشوازی لێدەكریت بۆیە من دەلێم ئەگەر كارەكانیشم لەم مستەوایا نەبیت ئەوا وەك كورد وتەنی (تەقلەیان پی لی دەدام) لە رێگای ئەو پرو پاگندانەی لەسەرم دەكەن من خۆم كارەكانم قبولە لای خەلك بۆیە خەلك پێشوازیم لی دەكات.

دوا سیدیت وەك دەلێن دەنگی هونەرمەندە ئافرەتكە هۆیەك بوو بۆ بازاری سی دیەكەت هەندێكی تر دەلێن ئەگەر هەردی بەتەنها گۆرانی بگۆتبا لەوانەیە وەك پێوست دەرنەكەوتبا تۆ چی دەلیت؟

بە تەكید. . بەتەكید ئەو ئافرەت تەئسیری هەبوە بەلام منیش كاری جاكم كردوە خەلكی تریش زۆر پێم وەماندووبونە قەسدم هونەرمەند مۆسیقا ژەنەكانە من نالێم ئەو ئافرەت تەئسیری نەبوە وە خەلك بە جاكی لەبەر دەنگی ئەوو و من بە جاكی پێشوازیان لێكردین توانیمان ئەدائیەكی جاك بكەین بۆیە من بە هەموو خەلك دەلێم ئەوانەی گی لە دەنگی ئەو خانمە دەگرن ئێستا سەرقالی كاركردنم بۆ ئەو خانمە تا سی دیەكی بەتەنهای بۆ خۆیی بە ئەنجام بگەینین وە زۆربەی زۆری كارەكان من بۆم كردوە لەم نزیكانە ئەویش دەبێتە یەكێك لەو ئافرەتە بوێرو دلێرانە ی بواری هونەری كوردی و زیاتر دەناسرێت. .
هەردی خۆی بە قەرزاری كی دەزانی وە گلەیت لە كی هەیە؟

من هەمیشە خۆم بە قەرزار زانیوە قەرزاری میلەت بە گشتی بۆیە دەمەوێت لە ریگای هونەرەکەمەوە زیاتر خزمەتی گەلەکەم بکەم وە ئەوەی لەسەر من هەیە زیاتر پیشکەشی گەلەکەمی بکەم تا ئەو قەرزە بدەمەوە من زۆر خۆم بە قەرزاری دەزگاکانی راگەیاندن بەتایبەتی کەنالەکانی رادیۆ و گۆڤارو رۆژنامەکان وهەموو کەنالەکان تەلەفزیۆنەوهونەرمەندان دەزانم بەتایبەتی گۆڤاری نوالەی نوی کە بەراستی خزمەتێکی جاکی منیان کردوە رێزم بۆ ستافی ئەو گۆڤارە هەیە.

دەربارەی گلەیش من نامەوێت بجمە ناو هەندی بابەت بەلام من هەتا هەتا دەلێم بە ئاشکرا کۆمپانیای چوار چرا ماڤی منیان خوارد وە ئەو هەموو هەزارەها سی دیەی فرۆشتیان بە شایەدی هەموو ئەو تۆمارگاو تەسجیلاتانەی ناوەو دەرەوی کوردستان یەك فلس نەهاتە ناو باخەلی من هەمووی چوە ناو قورگی چوار چرا ئەو بەراستی بە ماف خواردنی دادەنیم وە بە غەدریشی لەقەلەم دەدەم وە ئەو قسانەم بە خۆشیان گوتوە بۆیە من هیج کاتێك چاوەریی ئەوە نەبوەمە کە لەسەر پارەی سی دی برێك پارە لە باغەل دابنیم من وتومە دینارێك مەدەنە بە من وەرن کارێکی پرۆفیشنال ترو جاك ترم بۆ ئەنجام بدەن لەسەر حسابی ئەو پارەیەی من ئەوان ئەوەشیان پی قبول نەبوە بۆیە من گلەییان لە ناکەم بەلام دەلێم مافیان خواردم!!!!

بەلام وەك گلیەیی لە توێژیکی خەلك دەکەم کەوا ئێستا دروست بونە توێژێکی فەوزەوی کە نەوەك لەگەل من تیبینی دەکەم حزبایەتی لە ناو جەستەی هونەر رەنگی داوەتەوە کاتێك کەکەسێك گوی لە زەکەریا دەگرێت نابێت گوی لە زیاد بگرێت یان وادەزانی ئەگەر گۆیی گرت ئەو بوە لایەنەکەی تر.

بۆ سالی تزە جیت هەیە؟
ئێستا خەریکی ئەلوبمێکی تزەم بە بەژداری چەندین کەلە شاعیری جاك کەدەمەوێت ناویان بهێنم لەوانە مامۆستا جبار حەبیب و مامۆستا غەریب بشدەری و اسماعیل خورمالیو کاك سەرکەوت رەسولو کاك ریدار سابیرو و مامۆستای گەورە مامۆستا عبداللە پەشیو کە دەمەوێت لە قەسیدەیەکی ئەو شاعیرە گەورەیە کار بکەم تا شێوازێکی تایبەتی خۆم دەبێت دوور لە شێوازیی تورکی وعەرەبی زیاتر دەمەوێت لەم ئەلبومەم رۆحیەتی کوردانە بدەم بە ئەلبومەیکەم.
دوا پەیڤت رێزوو خۆشەویستیم بۆ ئێوەو بۆ ماندوبوناتا ن هەیە ئێوەش وەك راگەیاندن لایەنیکی گرینگی بواری پێشکەوتنی گەلەکەمانن هیوا دارم هەر سەرکەوتوو بن.